# مەتیق

**کاویز مەلا پەرویز**

هەوەڵین جارە دەچمە گوندەکەم مەتیق ,ئالایەکی پیروزی کوردستان دەبەم لەسەر شوێنەواری خانوی داروخاوی باپیرم هەلیئەدەم, ئالاکە لەگەڵ ڕەوتی ئازادبوونی ئەو ناوچەیە بە شنەبای پێدەشتی گەرمیانی بەعەرەبکراوم دەشکێتەوە ٠

مەتیقیەکان یاوەرم دەبن هەریەکیان بەجۆرێ باس لە پاشماوەی دارو دیواری داروخاوی ماڵانیگوند نشینم بۆدەکەن دیوارەکانی خانووی باپیرم وەکو زۆر مالی تر خۆراگربوە ٠٠٠پتەوو بەرگەی نەهامەتی ئەو چەند سالەی زولم وزۆرداریان گرتوە000 هەربەپێوە خۆیان چەسپاندوەتە سینگی زەویەوە , ئەو زەویانە کە جوتیارو وەرزێری کورد سالەهای سالان عاشق بەیەکتری ,بەحکومی ئاگرو ئاسن دابرکران ٠

منی دەربەدەری وولاتان وشاران ئەو مەملەکەتەم نەدیتوە دەمبەنە سەر راستە زەوی زەماوەندی گوند کەمن یەکم لەو مرۆڤانەی بەرهەمی یەك لەو ئاهەنگانەم,شوێنەواری کوپەی ئاو خواردنەوە دەبینم تێکەڵ بەخۆلی زەوێکە بوە ؟تەنوری قوری مالانی گوند نشین کەزەمنێکە تێکشکاوەپارچەکانی بیًناز بەسەر زەویدا پەرش بوونە, لەخۆلە مێشی تەنوورەکە وێنەی ژنە لادێی کوردی دەبینم, کەخاکی ڕەنگ شین کردوە٠

لە زاری بەهەشتی باوکم زۆرجار ناوی ئیمام چلانەم بەرگوێدەکەوت, لە خزمانی یاوەرم شوێنی چلانەی پیرۆزم پرسیار کرد گوتیان:

عەرەبە هاتوە کان تەختی زەویان کرد؟

ئیمام چلانە شوێنوارێکی دێرینی کوردی بووە شوێن زیارتگای مەراز لەدلان بوە, دەچمە سەر شەمال تەپە ئەو شوێنەی کەلەسالانی شەستەکان وحەفتاکانی سەدەی رابردوو نیشتمان پەروەرانی کورد ئاگری جەژنی نەورۆزیان لەسەر هەلدەکرد, لەوێرا لە پێدەشتی کاکەیی دەروانم تا چاو برکات زەوی وزاروئاوی کوردانە عەرەبی هاتوی خواروی ئێراق داگیری کردوە سودی لێ بینیوە , لەسەر شەماڵ تەپە دادەنیشم و بۆساتەکانی ڕەهابوونی تەمەن دەگریم ٠

فیدرالیەت بۆ ئیراق دیموکراسی وفرە حزبی وئێراقێکی پەرلەمانی وتعدوودیەت,لەسەر شەماڵ تەپە دادەنیشم ئەم بۆچوونە خوورد دەکەمەوە, لەکاتێکدا سەرکردەکانمان لەبغدادی پایتەختی کورد بۆچی دوای ئەم هەموو سالە لەشۆرش وبەرخوودان, لەزولم, خۆی بەئێراقیەکی دلسوز نیشان ئەدات, کورد بەگشتی چاوەروانی ئەنجامی سەرکردەکانە, دلەراوکێ زۆرە بۆئایندەی کوردستان زۆری خەلك ترس وگومان بەری نەداوە,خەلك داخوازە بۆژیانی پرلەئارامی وئاسوودەگی, داوا دەکرێت چیتر ئاغا ویژدان مردووەکان نەبنە هاوبەشی خێروبێری زەوییەکانیان,

پیان دەڵێم واز لەم داوایانە بهێنن ئەمە ماڤێکی زۆر سادەو سروشتیە ئێوە داوابکەن کاربکەن بۆ سەربەخۆبوونی کوردستان باقوناغێکی پرهەڵەت ودوور بێت ؟ دەبێ نەوەی تازە واگۆش بدەین کە کورد ماڤی خۆیەتی سەربەخۆبێت لەژێر سێبەری ئالای کوردستان ٠

دەگەرێمەوە سەر نوسین لەسەر دەشتە رووتەکەی گەرمیان لە ناوچەی

بەعەربکراوەکان بۆم روون بۆیەوە کە داگیرکرانی ئەو مەملەکەتە میلـلەتێکی شارستانی نەبونە ونین دژ بەدارو نەمامن, ئاوێکی بەبەرەکەت بەسەرزەویەکی بەپیت رێدەکات ئەوان لەجیایی ناشتنی دارو نەمام ئەو چەند دارەی کەهەشبوە لە کاتی خۆی بریویانە,

بەگشتی خەڵك کیف سازە بەنەمانی سەدام ودارو دەستەکەی چاوەرێی داهاتووی پرشنگداری سایەو سێبەری حکومەتی کوردی دەکەن, تامەزرۆن بۆ خوێندنی وانەبەزمانی شرینی کوردی گیانی پرلەشەوقی ئەو خەلکە کوردە دەشتو دەری زەویە بەعەربکراوەکانی حەساندوەتەوە, هەریەك لەوخەلکە بەجۆرێ ئەم ئازادیە دەربر دەکات تەنێ شوانێك نەبێت کەبۆی گێرامەوە باوکی دەرفەتی نادات وسەرکۆنەی کردوە بەوەی مەروماڵاتی بەباتە نێو غەلەی ئاغاوە شوانەکە دەیگوت جەژنی من ئەوەیە مەرەکانم ببینم لەنێو پەرێزی ئاغای گوند ,بەوە شادمانم کەچەند جارێ غەلەی ئاغام کردوەتە لەوەری مەرەکانم, دەیگوت ئاغاکان ناوێرن فزە بکەن چاوشۆرن؟چونکی سەردەمانیکی زۆر بوە شوان و رەشو رووتی ئەو مەملکەتە بەدەستی ئاغا زۆردارەکانەوە دەچەوسێندرانەوە0

بەشێوەکی روون دیارە خەلك دژ بە ئاغاو زۆردارین, بەلام تەمی مینەتی ئەو خەلکە وەکوگەوالە هەور دێت کەدەبینن بەرپرسانی حزبە کوردیەکان دەستی چەوریان لەخوانی ئاغا دەسون و تێکەڵ بەتاوانی ئاغاکان دەبن ٠

لێراوە منیشش تیرادەمێنم داهاتوی ناوچە بەعەرەبکراوەکان چلۆن دەکەوێتەوە ؟ئایا کورد جارێکی تر دەبێتەوە خاوەن بوونی خۆی ؟

تیبنی\ مەتیق تەنێ‌گوندە لەناوچەی کاکەیی بەر شالاوی وێرانکردن بوەتەوە, گوندی مەتیق سەر بەشارۆچکەی داقوقە٠

k_mlaprwez@yahoo. com

تێبینی کوردستان نێت:

ئەم نووسینە بیروبۆچونی خاوەنەکەیەتی، کوردستان نێت لەناوەڕۆکەکەی بەرپرسیار نییە.